# داوای کردنەوەی خانەی تایبەت بە منداڵی دۆزراوە دەکرێ

**لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا جەنگی تیرۆر و کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و قەیرانی دارایی و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان، رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر رەوشی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت لەسەر دۆخی منداڵان هەبووە. بەپێی ئامارەکان تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی٢٠١٥ هەشت کۆرپەلەی فڕێدراو دۆزراونەتەوە، لە کاتێکدا هیچ خانەیەک بۆ لەخۆگرتنیان نییە. چالاکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردنەوەی خانەیەکی تایبەت بە لەخۆگرتنی ئەو کۆرپەلانە بە پێویست دەزانن، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان سەرنج و تێبینی زیاتریان هەیە.**

لە دەستپێکی راپۆرتەکەدا جوان حەسەن سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری ئافرەت و منداڵ لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك، سەبارەت بە کۆرپەلەی فڕێدراو و مەترسییەکانی ئەو حاڵەتە و ئەگەری بە دیاردەبوونی بە گوڵانی راگەیاند: «پێویستە خانەیەك بۆ ئەو منداڵانە بکرێتەوە و یاسایەك هەبێت سزای ئەو کەسانە بدات کە منداڵ فڕێ دەدەن». گوتیشی: «کۆرپەلەی فڕێدراو هیچ تاوانێکی نییە و تەنیا مرۆڤێکی گیان لەبەرە کە گیانی دەخرێتە مەترسییەوە، هۆکارەکەشی ژینگەی نالەبار و ناهوشیاری دایك و خێزانە و تاکی کۆمەڵگەش لەو تاوانە بەرپرسیارن. بۆیە پێویستە بە جدی کار بۆ هۆشیارکردنەوەی کومەڵگە لەسەر ئەو حاڵەتە قێزەون و نامرۆڤانەیە بکرێت.» ئەوەشی خستەڕوو کە لە کەرکووك خانەیەك بۆ داڵدەدانی منداڵانی بێ سەرپەرشت نییە، بۆیە ناچارن پەنا بۆ نەخۆشخانەکانی دەبەن، گوتیشی: «حکومەتی ناوەندی هاوکاریمان ناکات و چەند جارێکیش داوامان کردووە کە خانەیەك بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت لە کەرکووك بکەنەوە، کەچی لەلایەن حکومەتەوە رەتکراوەتەوە، بەڵام خانەی بێ باوکانمان هەیە، ئەویش کۆمەڵێ مەرجی بۆ وەرگرتن هەیە کە کەمترین منداڵی بێ باوك لێی سوودمەند بوون.».

محەمەد گۆمەشینی گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس پێیوایە دەبێت سەرەتا لەو هۆکارانە بکۆڵنەوە





■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

کە بۆتە هۆی فڕێدانی منداڵ، بۆ ئەوەی لەو سونگەیەوە چارەسەر دیاری بکەن، گوتیشی: «بەداخەوە دیاردەی فڕێدانی منداڵ خەریکە زیاد دەبێت و ئەوەش بۆتە مایەی نیگەرانی لای هەموان، چونکە هەندێ دیاردە نابێت تەنیا خوێندنەوەی یاسایی بۆ بکرێت، بەڵکو خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی گرنگترە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستان کە هێشتا پەیوەستە بە دابونەریت و کەلتووری خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە هاتنە پێشی رووداوەکان و شەڕی داعش و دواتر هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و قەیرانی ئابووری کاریگەری زۆری لەسەر زیادبوونی ئەو دیاردەیە هەبووە، بۆیە پێویستە هەموان بەگشتی بە حکومەت و هاووڵاتیانەوە هاوکار بن بۆ رێگریکردن لەو دیاردەیە و هەڵمەتی هۆشیاری و شیکردنەوەی ئەو تاوانە بۆ هاووڵاتیان ئەنجام بدەن، بەوەی کە بزانن ئەوە تاوانە و کارێکە دوورە لە بەهای ئایینی و مرۆیی.»

ئیراد سان سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە ئەنجامی ئەو دۆخە ناهەموارەی هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، هەر لە قەیرانی ئابووری و بوونی ئاوارەیەکی زۆر لەم هەرێمەدا، کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، ئەو توێژەش کە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، بەداخەوە توێژی منداڵانن کە دەبنە قوربانیی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان»، گوتیشی: «بەپێی بەندەکانی مافی منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان منداڵان ئەو مافەیان هەیە کە شوێنی نیشتەجێبوونی شیاویان بۆ دابینبکرێت، واتە ئەگەر خێزان بە هۆی هەر هۆکارێك نەتوانێت منداڵەکانی لەئامێز بگرێت، لەم کاتەدا کاری دەوڵەتە کە چاودێریکردن و بەخێوکردنی ئەو منداڵانە بگرێتەئەستۆ، لە هەرێمی کوردستان سەنتەرە حکوومییەکانی سەرپەرشتیکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت ژمارەیان زۆر کەمە، لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە کەمەشدا سەنتەرەکان بە دەست کەموکورتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، لە زۆرێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستانیشدا ئەم سەنتەرانە بوونیان نییە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بوونی ئەو سەنتەرانە پێویستییەکی حەتمییە. بۆ نموونە لە پارێزگای هەڵەبجە تا ئێستا سەنتەرێك بۆ گرتنەخۆی منداڵانی بێ سەرپەرشت بوونی نییە، بۆ هەموو تەمەنەکان، واتە هەر لە تەمەنی منداڵی شیرەخۆر تا سەرجەم قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی کە ئەمەش گرفت دروست دەکات، چونکە هەندێ جار منداڵەکان دەبێت ببرێنە پارێزگای سلێمانی، یان پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ئەم منداڵانە بەتایبەتی لە تەمەنی شیرەخۆری کە تەبەنی دەکرێن، هەندێ جار وەك حاڵەت تێبینی دەکرێت لە شوێنی نەشیاون، یان ئەم منداڵانە فڕێدەدرێن و لە قوژبنێك بە جێ دەهێڵدرێن و لەلایەن کەسانی دیکەوە دەدۆزرێنەوە، دوای ئاگادارکردنەوەی دەزگا فەرمییەکانی ئاسایش و گرتنەبەری رێکاری یاسایی بۆ ئەم کەیسانە، دیسان کێشەی گەورەتر روویان تێدەکات.»

ئیراد سان بە پێویستی دەزانێت وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بیر لە کردنەوەی خانەی نوێ بۆ گرتنەخۆی منداڵانی بێ سەرپەرشت بکاتەوە، گوتیشی: «وەك تێبینی دەکرێت بەداخەوە سەرهەڵدانی دۆزینەوەی منداڵی ساوا لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان وایکردووە، مەترسی ئەوە دەکرێت ئەم حاڵەتانە بێتە دیاردە، ئەمەش پێویستی بە پڕۆژەی درێژخایەن هەیە، بەڵام ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، بەتایبەتی بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە ناتوانرێت هۆشاری بە سیستماتیك بکرێت و لەم حاڵەتەدا دەبێت حکومەت فریادڕەسی ڕزگارکردنی ئەو منداڵانە بێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەو کورپەلە و منداڵانەی کە فڕێ دەدرێن، هەموویان بەرهەمی هەڵەی ئەخلاقی نین و بەشێکیان لەبەر هەژاری و دەستکورتی فڕێ دەدرێن.»

بەپێی ئاماری دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٥ رێژەی منداڵی دۆزراوە لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە و تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ هەشت کۆرپەلە دۆزراونەتەوە، لە کاتێکدا بەپێی سیستەمی پەیڕەوکراو لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی، منداڵ لە تەمەنی ٤ تاکو ١٨ ساڵی بەبێ هیچ جیاوازییەکی ئایینی و رەگەزی و نەتەوە وەردەگرن، تەنیا لەشاری هەولێر ١٣٧ کوڕ و ١٣٣ کچ لە خانەی نەوجەوانان هەن، ٧٠ کوڕ و ٥٠ کچ لە خانەی نەوجەوانانی سلێمانی و ٦٩ کوڕ و ٥٩ کچ لە خانەی نەوجەوانانی دهۆك هەن، هاوکات لە شارەکانی دیکەی هەرێم خانەی لەمجۆرە نییە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئێستادا لە سلێمانی خانەیەکی تایبەت بە وەرگرتنی منداڵی شیرەخۆرەی دۆزراوە دامەزراوە کە منداڵ لە تەمەنی یەك رۆژی تا چوار ساڵی وەردەگرن، بەڵام لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان خانەی لەمجۆرە تائێستا نەهاتۆتە دامەزراندن و ئەوەش گرفتێکی گەورە بۆ منداڵانە دروست دەکات کە بە هەر هۆکارێك لە نازی دایك و باوك بێبەشن.

■ پێویستە خانەیەک بۆ ئەو منداڵانە بکرێتەوە و یاسایەک دابندرێت و سزای ئەو کەسانە بدات کە منداڵ فڕێ دەدەن

■ هاتنە پێشی رووداوەکان و شەڕی داعش و دواتر هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاراوە و قەیرانی ئابووری کاریگەری زۆری لەسەر زیادبوونی ئەو دیاردەیە هەبووە

■ هەرێمی کوردستان سەنتەرە حکوومییەکانی سەرپەرشتیکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشت ژمارەیان زۆر کەمە، لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە کەمەشدا سەنتەرەکان بە دەست کەموکورتی و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن



# بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکان وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتیی بەپەلەی پێویستە

دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ دەرخستنی واقیعی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئامادەدەکات و بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی بەرزدەکاتەوە.، لە کاتێکدا ئاماری ڕەوشی مافی مرۆڤ بۆ ساڵی ٢٠١٥ لە تێکرای سێکتەرەکان ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نەبووە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەی تاوان و پێشێلکارییەکان زۆر زیادی کردووە. چالاکانی بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵناسان هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی پێشێلکارییەکان بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و شەڕی تیرۆر دەگەڕێننەوە، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە تێڕوانین و سەرنجی خۆیان هەیە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا تاڤگە عومەر رەشید بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بە شێوەیەکی گشتی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە رووی سەربازی و سیاسی و ئابووری بەرۆکی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی بەتایبەتی گرتووە، رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی خراپ و نێگەتیڤی هەبووە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و زۆربوونی پێشێلکارییەکان و لە هەمان کاتدا زۆر بوونی تاوانەکان، بە جۆرێك کە تێبینی دەکرێت کشانەوە و رووبەڕووبونەوەی ئاستەنگ بەرامبەر هەموو مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کەلتوری هاووڵاتیان هەبووە». گوتیشی: «بێگومان بوونی هەر جۆرە قەیرانێك لە وڵاتدا کۆمەڵێك کاری نەخوازراو و تاوان و جۆرەها کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کوردستانیش بەدەر نییە لەم جۆرە کێشەو تاوانانە، چونکە بەگوێرەی راپۆرتی دەستەکەمان تاوان بە هەموو جۆرەکانیەوە رووی لە زیاد بوون کردووە و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەك کێشەی ئافرەتان بە کوشتن و خۆکوشتن و تەڵاق و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو زیاد بووە، هەروەها کێشەکانی پەروەردە و تەندروستی روو لە زیادبوون بووە و منداڵان بە شێوەیەکی گشتی ژیانی زۆربەیان لە مەترسیدایە ئەوەی کە دەخرێنە بەر کاری مەترسیدار و بازرگانی پێوەکردن و بەتایبەتیش منداڵانی ئاوارە و پەنابەر کە لە رەوشێکی خراپدان. جگە لەوەش لە ساڵی رابردوو هەڕەشە و دەستدرێژی و توندوتیژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتان و منداڵان بە هەمان شێوە زیادی کردووە، بەهۆی ئەو شەڕە نەخوازراوەی کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە لەگەڵ گروپی تیرۆریستی داعش، بازرگانی کردن بە مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرچاو تۆمارکراوە کە خۆی لە فرۆشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی بینییەوە. هەڵبەتە کارپێکردنی کچان و هێنانیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بە مەبەستی کارپێکردن لە کافتریا و هۆتێلەکان، نەشتەرگەری گۆرینی گورچیلە لە ژێر ناوی بەخشین و ناردنەوە دەرەوەی گەنجان بۆ وڵاتانی ئەورووپا لە رێگەی ئەو کەسانەی کە بە نایاسایی دەیانبەنە دەرەوە، ئەمانە هەموو کۆمەڵە تاوانێکی زۆرن کە دەستەی مافی مرۆڤ تۆماری کردوون، بێجگە لەوەش تاوانەکانی تری وەکو کوشتن و دزی و رفاندن و لەشفرۆشی و فێڵ و هەوڵی کوشتن بەهەمان شێوە بە بەراوورد بە ساڵی پێشوو زیادی کردووە، کە بە راستی ئەمانە هەمووی پێویستی بە وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی بەپەلەیە، چونکە تەنیا لە مانگێکی ئەمساڵ ٤٣ حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتن لە دەستەی مافی مرۆڤ تۆمارکراوە، ئەمە جگە لە رەوشی کرێکاران کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە زۆرترین رێژەی پێشێلکارییان بەرکەوتووە، جگە لەوەش پابەندنەبوون بە یاساکانی کار و خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران و سستی و لاوازی رۆڵی دەزگاکانی جێبەجێکردن بۆ زۆربوونی پێشێلکاری بەرامبەر بە کرێکاران بە جۆرێك کارئاسانی کردووە و بۆتە هۆی بێبەش بوونیان لە زۆربەی مافەکانیان و زۆرجار تەندروستی و ژیانیان دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە دوچاری پێکان و نەخۆشی و ژیان لە دەستدان دەبنەوە. ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو کێشەو تاوانانەن کە راپۆرتی ساڵی ٢٠١٥ی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێکردووە، بەداخەوە زیادبوونی پێشێلکارییەکان لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەگشتی شتێکی مەترسیدارە و پێویستە هەرچی زووە ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت، بەوەی کە دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنە سەر خەت و پلانی ستراتیژی و سیاسەتی تۆکمە بۆ چارەسەری ئەم بابەتە دابڕێژن. هەروەها پێویستە ئەو دەزگایانەی کە ئەرکیان پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانە بە شێوەیەکی تایبەت بودجەیان بۆ هەژمار بکرێت، وەك چۆن بوجەی پاراستنی کیان و سنوورەکانی کوردستان بەدەر کراوە، کە ئەمە کارێکی زۆر ئیجابی و لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەم شەڕە کۆمەڵایەتییەش بۆتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان و زۆربوونی منداڵانی بێ سەرپەرشت و هەروەها زۆربوونی دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە و چەندان کێشەی دیکە، هەروەها ئەرکی دەزگانی راگەیاندن و مینبەری مزگەوتەکانە کە خەڵك لە مەترسیی ئەنجامدانی تاوان و زۆربوونی رێژەی راگیراوان و حوکمدراوان، بەتایبەتیش لە چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان و بە هۆی سواڵکردنەوە بخەنەڕوو، ئێمەش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە زیاتر لەم کاتەدا کار بۆ هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بکەین .»



د. فرسەت سۆفی ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا ئاماژە بە دۆخەکە دەکات



تاڤگە عومەر رەشید:

**تاوانەکانی وەکو کوشتن و دزی و رفاندن و لەشفرۆشی و فێڵ و هەوڵی کوشتن بەهەمان شێوە بە بەراوورد بە ساڵی پێشوو زیادی کردووە**



د. فرسەت سۆفی:

**ئێمە ئێستا لە شەڕداین لەگەڵ داعش، هەروەها کۆمەڵێ قەیرانی ئابووری و سیاسیمان هەیە، ئەو قەیرانانەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەبێت**



**سنەوبەر سابیر:**

**لە زۆربەی وڵاتانی جیهان مافی مرۆڤ وەک چەمکێکی گرنگ تەماشا دەکرێ و بە بایەخەوە ئامار و داتاکانی بە هەند وەردەگیرێن**



**هێمن ساڵح:**

**شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری و بوونی چەک هۆکاری سەرەکی زیادبوونی خۆکوشتن**

و دەڵێت: «ئێمە ئێستا لە شەڕداین لەگەڵ داعش، هەروەها کۆمەڵێ قەیرانی ئابووری و سیاسیمان هەیە، ئەو قەیرانانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەبێت، تەنانەت قەیرانی ئابووری و کێشە داراییەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر گرفتە خێزانییەکان دروست دەکەن، وێڕای هەبوونی شەڕێکی داسەپاو لەگەڵ داعش و ناجێگیری باری ئەمنی و قەیرانی سیاسی ناوخۆییش بە هەمان شێوە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری نەرێنیان دەبێت، هەموو ئەوانە وایانکردووە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو خراپتر بێت، دیارە پەرلەمان جیهەتێکی چاودێری و دەرکردنی یاسایە جگە لەوەی کۆمیتەیەکی هەیە بە ناوی کۆمیتەی چاودێریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ بەهۆی بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان پەرلەمان ڕۆڵێکی لاوازی هەبوو، نەیتوانی وەکو پێویست کۆببێتەوە و چاودێری کارەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی بکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە ڕاپۆرتێك دێتە بەردەست پێویستە هەموو جیهەتەکان بە حکومەت و پەرلەمانەوە بە هەندی وەربگیرێت و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان بکرێت، من بەشبەحاڵی خۆم وەکو ئەندامێکی لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو ڕاپۆرتەی دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ بە هەند وەردەگرم و پێویستە ئیشی جدی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی ڕەوشەکە بەرەو باشتر بڕوات، نەك بە پێچەوانەوە».

سنەوبەر سابیر بەرپرسی سەنتەری کاراکردنی ئافرەتان و ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە زۆربەی وڵاتانی جیهان مافی مرۆڤ وەك چەمکێکی گرنگ تەماشا دەکرێ و بە بایەخەوە ئامار و داتاکانی بە هەند وەردەگیرێن، بۆ ئەوی بتوانن بەپەلە پێشێلکارییەکان چارەسەر و کەمتر بکەنەوە. بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ پارێزراوتر بن و کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و ئازاد بەرهەم بهێنن. لە هەموو کۆمەڵگەیەکیش پێشێلکاری لە مافەکانی مرۆڤ هەیە و ئەنجام دە درێت، تەنانەت هەندێ جار شەرعیەتیشی پێ دەدرێ، ئەگەرچی ڕێژەکەی نەگۆڕ نییە و لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بە دەر نییە لە هەبوونی پێشێکاری لە مافەکانی مرۆڤ، ئەوەتا دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئاماژەیان بە ڕەوشی مافی مرۆڤ کردووە لە هەرێمەکەمان و لە ڕاپۆرتێکی تایبەت کە لە (١٠٠) لاپەڕە پێکهاتووە و (١٩) سێکتەری گرنگ لەخۆدەگرێت، لەوانە (ئازادی ڕادەربڕین، بازرگانی کردن بە مرۆڤ، پەروەردە و خوێندن، پەنابەری و ئاوارەیی، کۆچکردن، سەروەریی یاسا، ڕەوشی ئافرەت و منداڵ. کەمئەندامی، ئایین و نەتەوە، داعش و تیرۆر و چەند سێکتەری دیکە، دیارە بە پێی ڕاپۆرتەکە ڕێژەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی لە زیاد بوونە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ٢٤ ساڵ لە بانگەشەی دیموکراتیەت و ئازادی و مافی مرۆڤ».

هۆکاری زیادبوونی پێشێلکارییەکانیشی بۆ چەند فاکتەر گەڕاندەوە، لەوانە: «پەروەردەی خێزانی و قوتابخانە، خراپی باری ئابووری، نەبوونی هۆشیاری، خراپی بە کارهێنانی میدیا و ڕاگەیاندن لە لایەن حزبەکان، هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە میوان و ئاوارە و بیانی، وەك هەبوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار کرێکاری بیانی کە لە لایەن هەندێ کۆمپانیا هێنراون، وێڕای شەڕی داسەپاوی داعش و کاردانەوە سلبییەکانی و خراپی ڕەوشی سیاسی و نەبوونی بنەمایەکی دروست بۆ میدیا و گرتن و ئازاردانی هاووڵاتیان.بۆیە بە بڕوای من پێشێلکاری وەك زنجیرەیەك وایە کۆمەڵێ هۆکار و بابەتی یەك لە دوای یەك دەبێتە مایەی درووستبوون و ئەنجامدانی، لێرەدا پێویستە لە سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسی و دەزگا پێوەندیدارەکان کە بێنە سەرخەت و خاڵ و بڕگەکانی ئەم ڕاپۆرتە بە هەند وەربگرن و کاری لەسەر بکەن، تا بە هەمووان هەوڵ بدرێ مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ وچیتر مرۆڤی بێتاوان نەبێتە قوربانی.» گوتیشی: «خەریکە ببینە خاوەن پێگەیەك کە بە هەوڵی هەموو لایەك و بەتایبەتی هێزی پێشمەرگە قارەمانەکانمان وەکو کورد بووینەتە جێی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە دەبێ هەوڵی هەمووان بە یەك ئاراستە بێت کە بتوانین دەوڵەتی خۆمان هەبێت، ئەوەش بە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین .

هەر سەبارەت بە هەمان پرس توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن ساڵح ڕاییوایە: «کۆمەڵێك هۆکار هەن کە وایکردووە ڕێژەی خۆکوشتن و شەڕ و کوشتن لە هەرێمی کوردستان بەرزبکاتەوە، یەکەمیان پێوەندی بە شەڕی داعشەوە هەیە، کە وایکردووە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە کەشێکی توندا بژین و ترسیان لە داهاتووی خۆیان هەبێت، ئەوە وایکردووە دەروونی تاکەکان لە بار بێت بۆ شەڕ و ئاژاوە و لەسەر شتی زۆر کەم کە پێشتر لە بەرامبەر بە یەکتری لێبوردنیان زۆر بووە، ئێستا پەنا بۆ شەڕ دەبەن. دووەمیان پێوەندی بە قەیرانی توندی ئابوورییەوە هەیە کە هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەریدا لاوازن و بەرگەی ناگرن، ئەوەش وایکردووە خۆکوشتن بەرزببێتەوە و شەڕ و کێشەی زۆری لێبکەوێتە، بەتایبەتی ئەوانەی کە کرێچین لەگەڵ ساحێبی خانوو قەرزار لەگەڵ خاوەنی قەرز و زۆر هۆکاری دیکەی پێوەندی ئابووری تێکچووە و کاریگەری کردووەتە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هۆکارێکی دیکە پێوەندی بە بوونی چەك هەیە لە زۆربەی ماڵ و لای خەڵکی کوردستان کە بەهۆی شەڕی داعشەوە ڕێژەکەی زیاتر بووە و ئەوەش هۆکارێکە بۆ یەکترکوشتن و توندوتیژی. جگە لەو هۆکارانە هۆکاری دیکەی زۆری لاوەکی هەن، لەوانە کاریگەری میدیا بە نیشاندانی دیمەنی توندوتیژ و کاریگەری خراپی دۆخی سیاسی و ناوخۆیی کوردستان کە بە شێوەیەکی کەمتر کاریان کردووەتە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتن و شەڕ و ناکۆکی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە. چارەسەری یەکەمیش باشبوونی بارودۆخی کوردستان و کۆتایی شەڕی داعشە هەروەها تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و سیاسی و باشکردنی پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و قەدەغەکردنی چەکە بەهەموو شێوەیەك بە دەستی تاکەکانی کۆمەڵگەوە، ئەوانە یارمەتیدەر دەبن بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی لە باشووری کوردستان.»



دەروونناســان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هەمــوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئەوەی زیاتر لە هەر هۆکارێک هەڕەشەیە بۆ سەر شیرازەی خێزانی و پێکهاتەی خێزان دەخاتە مەترسـییەوە، خیانەتی هاوسەرییە، هێماش بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەرچی ئەوە دیاردەیەکە و هەردوو رەگەز دەگرێتەوە، بەڵام رێژەی پیاوان بەراورد بە ئافرەتان زۆر زیاترە، کە خیانەت لە هاوسەری خۆیان دەکەن. ئافرەتێکیش کە خۆی بــە قوربانیی ئەو دیاردەیە دەزانێت، بەســەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ئافرەتێک:
# هەموو برینێک سارێژ دەبێت، تەنیا خیانەت نەبێت

ئەگەرچی تەمەنێکی وای نییە، کەچی دەستی لە خۆی بەرداوە و خــۆی گوتەنــی هیــچ بایەخێك بە خۆی نادات. هەرکەسێك لە یەکەم دیداریدا جۆرێك لە خەمۆکی لە روخساریدا بەدی دەکات. ئافرەتێکــی تەمەن ٤٣ ســاڵە و مامۆســتای قۆناغــی دواناوەندییە و وەك خــۆی باسـیدەکات، تەنیــا کچێکــی خوێندەڤانــی زانکــۆی هەیــە و زیاتــر لــە ١٢ ساڵیشــە لــە هاوســەرەکەی جیــا بووەتــەوە. ئــەو وەك هەمــوو دایکێــك تەنیــا شــتێك کە مایەی دڵخۆشــییەتی منداڵەکەیەتی و هەردووکیشیان پێکەوە لە ماڵێکی نزیك لە ماڵی باوکــی دەژیــن. وەك خۆی باســیکرد، باوکی کچەکــەی لە ژیاندا مــاوە و زۆریــش پەشــیمانە، بەڵام بە هیچ شــێوەیەك ناتوانێت لێی خــۆش بێــت. ســەبارەت بــە هــۆکاری ئــەو نەبەخشینەشــی دەڵێت: «هەمــوو برینێــك ســارێژ دەبێت، تەنیــا خیانەت نەبێــت.» وادیارە زۆر لەو بارەیەوە نهێنییەکی چەندین ساڵەی شاردووەتەوە، چونکە ئەو سەرەڕای سووربوونی لە سەر بڕیارەکەی، حەز ناکات بە هیچ شێوەیەك کچە تاقانەکەی بە رابردووی باوکی بزانێت.

خۆی بە نەسرین دەناسێنێت و لە دەستپێکی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە لە سەردەمی کچێتی، خوازبێنیکاری زۆر بووە و دوای رەتکردنــەوەی چەندیــن کەســیان، لەگــەڵ کەســێك هاوســەرگیری کــردواوە کــە خۆشەویســتی بــووە و زۆری خۆش ویســتووە و خۆی گوتەنــی قوربانــی زۆری بــۆ داوە، بــەڵام هەمــووی «بەفیــڕۆ» چــووە. نەســرین بەمجــۆرە نهێنییەکانــی ژیانــی خــۆی بۆ گوڵان باسکرد:

من مامۆســتا بووم، تازە دامەزرابووم، خزمان و تەنانەت بێگانەش کــە زۆربەیــان زەنگیــن و خــاوەن موڵك و ســامانی زۆر بوون هاتنە داواکاریــم بــۆ کوڕیــان، زۆربەشــیان مەرجیــان ئەوە بــوو ببمە ژنی ماڵــەوە و واز لــە پیشــەکەم بێنــم، بــەڵام مــن خۆشەویســتی خــۆم هەبــوو، بــە هیچیان رازی نەبووم. ئەویش زۆر بە کارەکەم دڵخۆش بــوو، خــۆی زۆر کــراوە نیشــان دەدا و بــەردەوام دەیگــوت: تــۆ خۆشەویستی منی، خۆ عەبدی من نیت. کاتێك بنەماڵەی جەلال هاتنــە داواکاریــم و من رازیم بووم، هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان تووشی شۆك بوون. بەتایبەتی دایکم دەیگوت ئەو هەموو خانەدانە هاتنــە داوات، رازی نەبــووی، چــۆن بــەو ماڵــە هــەژارە ئەو کوژە لەحیمچییەیان رازی بوویت. باوکم کەسێکی زۆر تێگەیشتوو بوو، هــەزار رەحمــەت لــە گۆڕەکەی، چوار کچی خۆی بە مێرد داوە و هەرگیز فشــاری نەخســتووەتە ســەر هیچمان و پرسی تەواوی پێ کردوویــن. منیــش بە رەزامەندی خۆم چوومە ماڵی مێرد و دوای سێ ساڵ لە هاوسەریمان کچێکمان بوو، تا ئەو ماوەیە هاوسەرەکەم نێوانــی لەگــەڵ مــن زۆر باش بوو، کە بوو بە باوکیش زۆر باشــتر بــوو، لــە گــەڵ ماڵــی خــەزوورم نەدەگونجاین، ١١ ســەر خێزان لە ماڵێکدا بووین، بۆیە لەگەڵ جەلال بڕیارمان دا ماڵی جیا بکەین. چووینە ماڵی خۆمان و خانوویەکی دوو ژوورمان بە کرێ گرت. دوای ئەوە ماوەیەکی پێ نەچوو، وازی لە کارەکەی هێنا و فێری حــەب خواردنیــش ببــوو، مووچەکــەی منیش بەشــی ئــەو هەموو میوانداریییــەی ئــەوی نەدەکرد، چەندین جــار لێی پاڕامەوە، گوتم تــۆ وەســتای باشــی و کار بکــەی داهاتت دەبێت، بــەڵام نەك هەر گوێی لێ نەدەگرتم، بەڵکو زۆر جار بە شەق و لێدان مووچەکەی لــێ دەســەندم و کــەس نەیدەزانی چــی پــێ دەکات. وای لێهاتبوو تەنانــەت ئامــادە نەبــوو قوتوویــەك شــیری وشــك بــۆ کچەکەمــان بکرێــت، ســەر باری ئــەوەش فێری رابواردن ببــوو لەگەڵ ئافرەتی بێڕەوشت، زۆر شەویش بۆ ماڵەوە نەدەهاتەوە. خەیانەتەکانی جەلال و چاوپۆشییەکانی من، ژیانی خۆم و کچەکەمی شێواند، بەردەوام ماڵمان دۆزەخ بوو، شــەڕ و لێدان و بێڕێزی و ســووکایەتی بێزاری کردبــووم، ئیتــر گەیشــتە گیانم و داوای جیابوونــەوەم کرد، ئەویش زۆر بە بێ مننەتی قبووڵی کرد، بەو مەرجەی من واز لە هەموو حەقی شەرعیم بێنم و داوای مارەیی و نەفەقە نەکەم. تەمەنم ٣١ ســاڵ بوو بە رەســمی و بە حوکمی داداگا لە یەکتر جیا بووینەوە. دوای ئەوە یەك دوو جار بە هات و هاوار هاتە سەر ماڵ و منیش ناچار سکاڵام لەسەر تۆمار کرد و سزای یاسایی خۆی وەرگرت. دواتر لەســەر فرۆشــتنی مادده و حەبی هۆشــبەر لەگەڵ ئافرەتێك ســزای زیندانییــان بــۆ دەرچــوو. دوای ئازادکردنیشــی دەیــان جار پاڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، بەڵام من دەرفەتی زۆرم پێدا و نەبوو بە پیاوێك کە شــایانی ئەوە بێ باوکایەتی و هاوســەرداری، بــکات، ئیتــر نــە خــۆم و نــە کچەکەشــم متمانەمان پــێ نەماوە و بەردەوام دوعا دەکەین خوا هیدایەتی بدات.

**دەرفەتی زۆرم پێدا و نەبوو به پیاوێک کە شایانی ئەوە بێ باوکایەتی و هاوسەرداری، بکات، ئیتر نە خۆم و نە کچەکەشم متمانەمان پێ نەماوە**

**باوکم کەسێکی زۆر تێگەیشتوو بوو، هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەی، چوار کچی خۆی بە مێرد داوە و هەرگیز فشاری نەخستووەتە سەر هیچمان و پرسی تەواوی پێ کردووین**

**ئامادە نەبوو قوتوویەک شیری وشک بۆ کچەکەمان بکرێت، سەر باری ئەوەش لەگەڵ ئافرەتی بێڕەوشت فێری رابواردن ببوو، زۆر شەویش بۆ ماڵەوە نەدەهاتەوە**